www.kurdistannet.org
11-11-2005 17:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەربەستە دەروونییەکان هێشتا نەروخاون ... زۆزگ عوسمان

لەدوای ساڵی دوهەزارەوە رێك لەمانگی تشرینی یەکەمی 2002 دا هەلومەرجێك هاتە پێشەوە کە ململانیی توندوتیژ وعەسکەری و اعلامییە سلبییەکەی نێوان (ی ن ك و پ د ك) بگۆرێت بەململانیی یەکی سیاسی شارستانی. . پرۆسەی ئازادی عێراق تەکانێکی بەهێزیدا بۆ بەرەوە پێش چونی ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوحزبەکە. ئەوهاوپەیمانی ویەکگرتووییە بەرهەمی چاکی بوە وبەقازانجی بەرژەوەندییەباڵاکانی گەلی کوردستان و عێراق وهێزەدیموکراسی و پێشکەوتن خوازەکان شکاوەتەوە، بەڵام تائێستا هەنگاوی گرنگ وپێویست تر ماوە بنرێت بۆ بەتەواوی وەلانانی ساردیوسروی و توانەوەی بەستەڵەکەکان ئەویش شکاندن و بەزاندنی بەربەستە دەرونیەکانە لەلایەن سەرکردایەتی و کادیران وجەماوەری هەردو حزبەکەوە. مامجەلال سکرتێری گشتی ی ن ك و سەرکۆماری عێراق ڕاستگۆیانەو بی پێچ وپەنا قسەی خۆی کردوە لەم بوارەدا. مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان وسەرۆکی هەرێم یش بەهەمان شێوە کاردەکات و پێگەیەکی تایبەتی بۆ مامجەلال داناوە وهاریکاری تەواوی دەکات وهەماهەنگی لە رادەبەدەری تاڵەبانی دەکات بەڵام ئەوتێروانینەی سەرۆك تاڵەبانی وسەرۆك بارزانی شۆڕنەبۆتەوە بۆناوسەرکردایەتی و رێکخستن و جەماوەری هەردولا دا. تائێستا لای یەکێتییەکان مامجەلال وەك سکرتێری گشتی (ی ن ك) سەرکۆماری عێراقە، لەکاتێکدا مامجەلال وەك کوردێك ورۆڵەیەکی کوردستان و وەك عێراقیەکی دیموکرات خواز کە نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتە و چین و توێژەکانی کۆمەڵی عێراق. بۆتە سەرکۆمارو و هەموو عێراقیەکان بەکورد وعەرەب و تورکمان و کلدانی وئاشوری و ئەرمەنی ومەسیحی وشیعە و سوننەویائبی و ئێزدی وکاکەیی و شەبەکوفەیلی و. . . . . هتد بەنوێنەری خۆیان وسەرۆکی خۆیانی دەزانن. سەرۆك بارزانیش وەك نوێنەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان سەرۆکی هەرێمی کوردستانە. کەچی ئەودەمەی سەرۆك تاڵەبانی لەگەڵ سەرۆك بوش لەکۆشکی سپی کۆنگرە رۆژنامەییەکەیان بەست کەناڵەکانی راگەیاندنی پ د ك زۆر بەسادەیی باسیان کردو وەك ئەوەی باسی دیدارێکی سەرکۆماری جیبۆتی یان یۆماڵ بکەن لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکادا. تەنانەت دەمارگیری حزبایەتی وای کردبوو کەلەگەڵ ناو هێنانی سەرکۆماری عێراقدا ناوی بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان – ئیدارەی هەولێر یش هاتبو ئەوەش بەمەبەستی کەمکردنەوەی بایەخی ناوی مامجەلال بوو. بەبی هیچ موجامەلەو خۆ گێل کردنێك راگەیاندنی ی ن ك لە ئاست سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا کەمتەرخەم نین و سەردانەکەی ئەویان بۆئەمریکا بەگرنگ باسکرد. وەك بەرەسمی ناسینی ناسنامە و پێگەی هەرێمی کوردستان لەلایەن وڵاتێکی گەورەی وەك ئەمریکا وقوڵکردنەوەی هاوپەیمانێتی نێوان گەلی کوردستان وئەمریکا وەریان گرتبو. لەمەوە دەردەکەوێت کە هێشتا بەستەڵەکی دەرونی نەتواوەتەوە و هەنگاوی ئازایانەوشێلگیرانەی گەرەکە بۆئەوەی خۆمان رابهێنین لەسەرئەوەی لەئاست مەسەلە چارەنوسسازەکاندا چاویلکەی حزبایەتی فریبدەین. ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان دەسکەوتێکیان بەدەست هێنا یەکێتییەکان پشتیوانی لێبکەن و دەستخۆشی لێبکەن، بە پێچەوانەشەوە پارتیەکان بەهەمان شێوە بکەن لەئاست دەسکەوت و کارێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا. دیارە کەناڵەکانی راگەیاندنی هەردولا لەریزی پێشەوەی کەناڵ و دامەزراوەکانی تری هەردوحزبن بۆبەزاندن

وشکاندن وروخاندنی بەربەستە دەرونیەکان. دەبێت ئەوان رچەشکێن بن وەك پێشتریش ئاماژەم بۆکرد. لایەنی (ی ن ك) لەو بوارەدا جی دەستی دیارەو دەستپێشخەرو هەوڵ و تەقەلای زۆری هەیە (لێرەدا لە بیلایەنی لام نەداوەو راستییەکەودەبێت بیلێم) . ئەگەر ڕاگەیاندنی هەردولا بەو جۆرەیان کرد ئەوا راگەیاندنەکانی تریش هەمان رێچکە دەگرن. بەمەش سیاسەت وحزبایەتی لای خۆشمان وەك ولاتانی پێش کەوتوی لیدێت. ئەوکاتەتەنیا لەکاتی بانگەشەی هەلبژاردندا مۆرکی حزبایەتی دەبینرێت. وەك چۆن لەولاتێکی وەك ئەمریکادا دوای دەرچونی یەکێك لە حزبەکان حکومەت ودەسەلات دەبێتە موڵکی هەمو ئەمریکیەکان. بەوهیوایەی ئێمەش چ لە عێراقدا و چ لەکوردستاندا بەوئاراستەیەدا هەنگاوبنێین و ببینە هاوشێوەی (کۆمەڵ) ە پێشکەوتوەکانی ئەوروپا و ئەمریکا. دیارە هەنگاوی یەکەم بەروخاندنی بەرەبەستە دەروونیەکان دەبێت، دوای ئەوەش هەنگاوی تر دەنرێت.